یەحیا رەسوڵ: کشانەوەی هاوپەیمانان بەشێوەی قەناغ بەندی دەبێت



یەحیا رەسوڵ وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە راگەیەندراوەکدا ئاماژەی بەوەکردووە، رۆژی یەکشەممە لیژنەی باڵای سەربازی هاوبەش لە عێراق، گفتوگۆکانی لێگەڵ هاوپەیمانان دەستپێکردووەتەوە بۆ کۆتایی هێنان بە ئەرکی هێزەکانی هاوپەیمانان.

ئاماژەی بۆشکردووە، لە کۆبوونەوەکاندا خشتەیەکی کاتی بۆ کشانەوەی هاوپەیمانان دیاری دەکرێت و کشانەوەی هاوپەیمانان بە پلانێکی داڕژراو و بەشێوەی قەناغ بەندی دەبێت تا ئەو کاتەی کۆتای بە ئەرکی هاوپەیمانان دەهێنرێت.